# چەند دێڕێک سەبارەت بە سزادانی تاوانبارانی هەڵەبجەو ئەنفال ......

کاوە حەسەن ( سالم کەریم )
Kawa2002@yahoo.com

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا چەندین ووتار و بابەت لەسەر بەسزادانی تاوانبارانی کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفال خرایە سەر ماڵپەرەکان. خۆشبەختانە کەم نین ئەو دەنگانی کەلەگەڵ ئەوەدا نین شاری هەڵەبجە میوانداری دوا ساتە وەختەکانی ئەو کەسانە بکات کە دەستیان سوورە بە خوێنی خووشک و براو کەس و کارو ڕۆڵەکانیان.

بێگوومان دنیا بەبێ سەدام و هاوەشێوەکانی جێگەیەکی باشتر ئەبێت بۆ ژیانکردن . بێگوومان عەلی حەسەن مەجیدو هاوەڵەکانی بەکەڵکی ئەوە نەماون جارێکی تر ئازادانە لە کۆمەڵگادا ژیان بکەن. بێگوومان قووربانیانی هەردوو کارەساتەکە نابێت لەبیربکرێن . بەکوورتی و سادەیی گرنگە ئەوانەی کە دەستیان سوورە بە خوێنی خەڵک سزا بدرێن ، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە سزادانەکان بەپێی پرانسیپ و ستاندارده جیهانییەکان بێت ، پێویستە لاپەڕەکانی مێژووی تۆڵەسەندنەوە و لێبووردن هەڵبدەینەوە بزانین ئەوانەی ڕێگای تۆڵە سەندنەوەیان هەڵبژارد ئێستا دەرگیری چیین ، وەئەوانەشی ڕێگای لێبووردنیان هەڵبژارد بەکوێ گەشتن. لێرەدا دوو نموونە باس دەکەین کە کەم تا زۆر پەیوەندیان بەم مەسەلەیەوە هەیە.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئیمەیڵێکم پێ گەشت کە دەعوەتنامەیەك بوو بۆ تەماشاکردنی فیلمێک بەناوی " ئەموو" کەلەدانشگای سایمۆن فرەیسەر نمایشکرا ، منیش بریارم دا بچم فیلمەکە ببینم.

ئەو کەسەی کەدەعوەت نامەکەی بۆ ناردبووم پرۆفیسۆری بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و یەکێکە لە مامۆستاکانم ، هەرئەوەندەی پێم ووت " ئەزانم ئەم فلیمە بایەخێکی زۆری ئەبێت لای تۆ" منیش هیوام خواست وابێت. فیلمەکە لەسەر جینۆسایدکردنی " سیغەکانی" هیند بوو کە لەلایەن " هیندوو" ەکانی هیندستانەوە ئەنجامدرا . کاتیك کە موهتاناگاندی لەلایەن یەکیك لەپاسەوانەکانیەوە کە سیغ بوو تیرۆر کرا ئیتر هیندۆسەکان بۆ تۆڵەسەندنەوەی سەرۆك وەزیران زیاتر لە 10000 سیغی بیتاوانیان لەسەر جادەکانی نیودلهی و شارەکانی تری هند بەبەرچاوی دەوڵەتەوە قەتل و عام کرد . گرنگی ئەو فلیمە لەوەدا بوو کە دەرهینەر و سینارستەکەی زیرەکانە ئەو کارە قیزەوەنەیان لەفلمیکی سینەمایدا بردووتە ئاستیکی یەکجارفراوانەوە کەتەنانەت لەزۆربەی دانشگا و کۆلیجەکانی ئەمریکای باکووردا پیشان بدریت. سیناریست و دەرهینەرەکە لەدوای نمایشکردنی بەرهەمەکەیان زیاتر لەسەعاتیك قسەیان لەسەر ئەو تاوانە کردو نهێنیە شاراوەکانی ئەو کارەساتەیان بۆ بینەران ڕووان دەکردەوە. بەرهەمەکەی ئەو دوو سیناریتە هیندە گرنگە کاتیك کە ئینسان چاوی پیدەکەویت ناتوانیت پەنجەی تاوان بۆ دەستەڵادارانی ئەوکاتەی هیند دریژ نەکات.

کەچی دەوڵەتی هیند تاکو ئیستا بەڕەسمی بەناووی وڵاتی هیندەوە ئەم کارەی ئیدانە نەکردووە ، تەنانەت هیندۆکانیش بەڕەسمی داوای لیبوردنیان لە سیغەکان نەکردووە ، بەڵکو لەبری ئەنجامدانی کارێکی لەو بابەتە دەستەڵاتدارانی هند لە ماوەی ئەوچەند مانگەی ڕابردوودا وویستوویانە تەنانەت بەر بەنمایشکردنی فیلمەکەش بگرن. کەچی سەرباری ملهووڕی دەستەڵاتدارانی هیند، ئێستا مەسەلەی جینۆسایدکردنی سیخەکان بووەتە باسێکی بابەتی و لە دانەشگاکاندا دەوترێتەوە ، هیندۆسە دەمارگیرەکانیش بووەنەتە مایەی گاڵتە پێکردن و چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مرۆڤ

دۆست کار لەسەر ئەوە دەکەن چۆن هیندۆسەکان بهێننە پای ئەوەی داوای لێبووردن لە سیخەکان بکەن هاوکاتیش قەرەبوویان بکەنەوە. ئێستا سیخەکان لەناوەند سەنتەرەکانی ڕاگەیاندنە جیهانییەکاندا کار بۆ ئەم مەسەلەیە دەکەن .

مەبەست لەگێڕانەوەی ئەم چەمکە لە جینۆساید کردنی خەڵکانیك لەژێر ناونیشانی تۆڵەسەندنەوەی نەتەوەپەرستیدا بەمەبەستی هەڵوێستەکردنە لەسەر چۆنیتی مامەڵە کردن و چۆنێتی سزادانی ئەو کەسانەی کەتاوانبارن بەرامبەر بە خاڵکی کوردستان. چوونکە هێندەی بەڕەسمی ناسینی ئەو مەسەلەیە لەئاستێکی نێودەوڵەتیدا گرنگە ، هێندە مەسەلە نییە تاوانبارانی تاوانی هەڵەبجەوئەنفال لە کوێ لەسێدارە دەدرێن.

نموونەیەکی تر کە لەپەیوەند بە تۆڵەسەندنەوەوە بە پێویستی ئەزانم باسی بکەم نێڵسن ماندێلایە. کاتێک کە نێڵسن ماندێلایان دوای چەندین ساڵ زیندانی و سووکایەتی پێکردن ئازاد کرد، لێیان پرسی ئەگەر ئارەزووی ئەوە دەکەیت ئەو کەسانەی کە تۆیان خستە زیندانە بگریین دەتوانین هەموویان بخەینە زیندانەوە و سزایان بدەین. کەچی ماندێلا زۆر لەوە گەورە تر بوو کە هەموو هەوڵ و کۆششو خەباتەکەی بکاتە قوربانی تۆڵەسەندنەوە لەکەسانێک کە کۆمەڵگا بە چاوی قێزەوە تەماشای دەکردن ، لەوەڵامدا بە هاوڕێکانی گووت " ئەگەر من توانای لێبووردنم نەبێت لەو کەسانە و نەبمە مایەی سیمبولی لێبووردن لە نێو هاوڵاتیانیووڵاتەکمدا ،ئەوە باشتر وایە بچمەوە کونجی زیندان.

وە بیر هێنانەوەی ئەم سەربردەیەی ماندێلا ، بەمەبەستی ئەوە نییە کە بمانەوێت هەمان کرداری ئەو" ماندێلا" دەرهەق بەو کەسانەی کە تاوانبارن لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا دوو بارە بکەینەوە، هەروەک لەسەرەوش ئاماژەم پێکرد پێویستە تاوانباران سزابدرێن ، بەڵام سزادانەکان بە شێوازێک بێت کە بتوانین زیرەکانە گیانی تۆڵە سەندنەوە بنبڕبکەین و خەڵکی بۆ ئایندەیەکی ئارام ئاسوودە بانگێشە بکەین . لەبری ئەوەی لەبازنەی ئەنفال و هەڵەبجەدا قەتیس ببین و بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ ئازارەکانی ئەو دوو کارەساتە شوومەدا بژین پێویستە خەڵکی بە ماف و پێداویستییە سەرەتای و هەنووکەییەکانیان ئاشنا بکرێن. ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان گرنگ بێت کۆمەڵی بڕیارو یاسا بێت کەڕێگە نەدات لە ئایندەدا هیچ کەسێک لەگۆشە نیگایەکی شۆڤێنەستانەوە سەیری ئەوانی تر بکات . باشتر وایە لەبری باسکردن لە شێوازی ئیعدام کردن و شەرکردن بۆ دەسنیشانکردنی هەڵەبجە بۆ لەسێدارە دانی ئەو تاوانبارانە ، باشتر وایە دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ زیندووەکانی کوردستان ، جێکەوتە کردنی پرەنسیپە دیمۆکراتییەکان ، پاراستنی مافی مرۆڤ ، بەرگرتن بە کووشتنی ژنان و بنیات نانی کۆمەڵگایەکی سکۆلار و چەندین مەسائیلی جۆراوجۆری تر ببنە باسی توندوتۆڵی نێو کۆمەڵگا و ڕووبەڕووی دەستەڵات بکرێنەوە.